# ئەسیاری هەناسەیەکی گریاو

تەها سلێمان

ئەم بەبانییەش،
دوا رکاتی نوێژی دوایین ساتی چاوەڕوانیت کۆتایی پێ بێنە.
بڕەوە بۆ ئەودیو بوون،
لە خولْقی تەنگی خۆتا، بچۆ بۆ دیداری ئەو بەهەشتەی،
کە نەدیوتە و نە دەیناسی،
رێ بە بانگی سوبحەینانی سۆفییەکی نوورانی و بێ ئاگا لە دونیا بگرە،
پێی بلێ بزان، من و ئەو بە کام شەجەرە، دەچینەوە سەر پشتی یەکتر!
لە کاوێژی سیاسییەکی خەسیو مەسلْمێوە،
نەکەی کلاوکوڕەیەك لە خەو رابێنی و ترپەی دەنگی ژێرپێت،
کوختییەك لە ئاو بکات.
مەگەڕێوە بۆ بیرکردنەوە لە پەیوەندی نێوان خۆت و خوا،
چون خوایەتی بێجگە پاکێتییەکی بەتالْ، بوونێکی نییە.
ئەگەر خاچێکت دی لە سێدارە درابوو،
ئەوە خۆتی مەسیح نییە.
ئەگەر سەگێگ لە دوورڕا، دەوەڕی،
ئەوە بە عەشق دەوەڕێ.
ئەگەر تەنیاییت دی هاواری لێ هەستابوو،
ئەوە لەگەل پرسەگێڕی خۆیدا، شەڕێتی،
تکایە هۆگری بە.
قومێك ئاو لە مەتارەکەی دەستی من بخۆرەوە،
من کوڕی پیاوێکی نوورانی خوانەپەرەستم،
ئەی کچی بێدەنگترین پیاوی تەنیاتر لە خوا، لە من و لە خۆت.
ئەگەر حیکایەتی خۆراسانت[1] کەوتە بەر گوێ،
پرسیاری زەریف[2] بکە،

---

[1]-خۆراسان: ئافرەتێکی گەرمیانی بوو، بە تومەتی ناموس، تیرۆرکرا

**کەس لە ئەو ڕاستگۆتر، ئەم چیرۆکەت بۆ ناگەڕێتەوە**

**ئەگەر جەمیلەت[3] بە چاوی خۆت بینی، دەگری،**

**تەنیا کوڕەکەی دەروێش عیسا[4]، بدۆزەوە(ئەو) نەبێ،**

**کەس نازانێ نهێنی فرمێسکی گریان چییە.**

**ئەگەر دەتەوێ لە گێژەنەی ئەم باهۆزی تەمەنەو**

**ئەم هاتنی بە لێشاوی وەرزی وەرینە، ڕزگارت بێ،**

**لەدایکم پرسیار بکە،**

**بزان من کوڕی بام یان باران، یاخود سوتان.**

**ئەی بۆ لە خۆت ناپرسی، تۆ کچی وەنەوشەیت،**

**یان تۆفان، یاخود ئافاتی ساڵی عیشق؟**

**کە گەشتییە بەر دەروازەی شارو یەکەمین پەنجەرەی شکاوت دی،**

**ئەوە منداڵەکانی ئیبلیس بوون، بە فیتی سەرۆك و**

**خێڵ،**

**ئاین و**

**ناموس**

**شکاندیان.**

**بیرت نەچێ،**

**ئەوە پەنجەرەی هەستی من بوو.**

**چیتر وەك ئەوەڵین جارو**

**وەك لێخوڕی یەکەمین قەیاغی سەر دەریا،**

**بەترسەوە، هەنگاو نەنێی.**

**لە من**

**لە خۆی**

**لە ئەو**

**بپرسە،**

**بۆ ئەوەی لە هاتنتا ڕایسپێری،**

---

[2] **زرەریف: تەنیا ئافرەتێکی پەککەوتەیە لە پاشماوەی تاوانی ئەنفال لە سەرجەم خێزانەکەی.**

[3]- **جەمیلە: کچێکی ئەنفالکراوی زەریفە**

[4]- **دەروێش عیسا: باپیری نووسەری ئەم شیعرەیە**

ئەو داپیرەیەت بیر نەچێ
کە نێوچەوانی ماچ کردی و
لە ژێر لێوەوە پێی وتی: قوربانی تۆزی ژێر پێی ئەسپی کەحێل و
تەمەنی بەرەو پیری چووی عیشقی بم.
پێی بڵێ: ئامانەت بێ، خۆم و دەفتەر و ئەنگوستیلەو کل و کلدان مێخەك و
عیشقی سووتاوی من/لای ئەو.
کە ئێوارانت لێداهات،
لە ماڵی دارشاتویەکدا، ستر بگرەو
لەگەل خۆت، پڕ گیرفانی پاڵتۆکەت،
شاتوو هەڵگرە.
چون من دەزانم، تۆ هەمیشە هۆگری گەڕانی،
کە برسیت بوو،
شاتویەك بە روحی لێوان لێو لە ئێشی منەوە بخۆ.
من ئەسیارم، ئەسیاری نیشتمان، ئەسیاری عیشق، ئەسیاری ئێش و تۆزی هەناسە،
ئەسیاری رۆحی پەراش بووی خودی خۆم و تۆ،
ئەسیاری نوێژی پڕ لە تەهارەتی خۆم و خۆت،
ئەسیاری رۆژێکی لێوان لێو لە حەنینی کە تێیدا، یەکترمان ناسی،
ئەسیاری سیلاوی فرمێسکی پاکانەکانی تۆ،
ئەسیاری هاواری ئەو کۆترەی بۆ یەك چرکە هاتە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەت و رۆیی.
بڵێ، بزان کەی و چۆن و بۆ لە کوێ،
چەتری تەنیاتر لە خۆتت هەڵداوە.
تەماشا
من ئێستا لە لێواری ئەو رووبارەدا، خەریکە وون دەبم،
کە جارێکیان بەرێکەوت وەك ئەو پڕ بووین لە رۆیشتی نەرم و حیکایەتی مناڵیمان،
هەموو کاتێ لە خۆم دەپرسم،
بۆ نا، بە مناڵی ئەوم وەك خۆی بناسیبایە و
بۆ هەتایە،
ببوایەم بە ئەو.
بیرم دێ،

بیرت دێ؟

لە لێواری ئەو ڕووبارەدا،

خوا بۆ یەکەمین جار ئیزنی داین

کە عیشق وەك خۆی بناسین؟

2005